کۆکردنەوەی نۆتە و پشوو پێکەوە لەناو بارەکاندا لە کێشی لێکدراو.

کێشی لێکدراو ئەو کێشانەن کە هەر یەک لە ترپەکانی ناو خانە (بارەکان) دابەشی دوو کەرتی یەکسان نابن، چونکە ئەگەر هەر ترپەیەکیان دابەشی دوو کەرتی یەکسان بکرێن ماوەیان لێ دەمێنێتەوە، بۆیە وا پێویست دەکات لە بری دوو کەرت بەسەر سێ کەرتدا دابەش بکرێن. ئەو دابەشکردنەش بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک نۆتەی نایاساییەوە دەبێت (irregular note group) واتە کۆمەڵەی نۆتە نایاساییەکان.

کۆمەڵەی نۆتە نایاسییەکان:- ئەو نۆتانەن کە بەسەر ژمارەیەک نۆتەی لە خۆی نچووکتر دابەشبووبێت. بە مەرجێک ئەو نۆتانە لە نۆتەی ئاسایی وردتربن لەم حاڵەتە ئەم نۆتانە خوێندنەوەشییان لە خوێندنەوەی نۆتەی ئاسایی هەمان شێوەی خۆیان خێراتر دەبێت.

بۆ نموونە نۆتەی نوار بەشیوە یاساییەکەی بەسەر دوو کرۆش دا دابەش دەبێت، بەڵام ئەگەر (سێکۆ) واتە تریۆلێمان بۆ بەکارهێنا لەم حاڵەتەدا دەبێتە سێ کرۆش بەڵام بەم سێ کرۆشە ناوترێت یاساییەکان بەڵکو پێیان دەوترێت کۆمەڵەی نۆتە نایاساییەکان. چونکە سێ کرۆشن بەڵام پێویستە لەکاتی دوو نۆتەی کرۆشدا بخوێنرێنەوە و بژەنرێن. بەڵام دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین کە بۆ ناسینەوەی ئەم سێ کرۆشە نایاساییە دەبێت پێکەوە هەر سێ کرۆشەکە بە هێڵێک ببەستینەوە و لەسەر هێڵەکە ژمارە ٣ بنوسین.

شایانی باسە مەرج نییە تریۆڵی یان (سێ کۆ) تەنها بۆ نۆتەی کرۆش بەکابهێنرێت. بەڵکو بۆ نۆتەکانی دیکەش بەکاردێت.


بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بۆ نۆتەی نوار بەکارهات. سێ نوار پێکەوە دەبەستێتەوە کە پێویستە هەر سێ نوارەکە لە کاتی دوو نواردا بژەنین.

ئەگەر بۆ نۆتەی بلانش بەکارهات سێ نۆتەی بلانش پێکەوە دەبەستێتەوە کە پیویستە هەر سێ بلانشەکە لەکاتی دوو بلانشدا بژەنین.

لە م نموونەی خوارەوە هەندێک نموونە خراوەتە ڕوو.




بە هۆی بەکارهێنانی (سێکۆ) وە ترپەکان بەشیوەیەکی نایاسایی بەسەر سێ بەش دابەش دەبن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەو دابەشکردنە یاسایی بێت ئەوا دەشێت لە جیاتی سێکۆ نۆتەی خاڵدار دابنرێت. وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.







لێوەوە بۆ مان دەردەکەوێت کاتێک ترپەکان نواری خاڵدار دەبن بە کێشەکانیان دەوترێت کێشی لێکدراو. چونکە لێرەدا بە نۆتە خاڵدارەکان دەوترێت ترپەکان. بەڵام بەسێ نۆتە وردەکانیان دەوترێت لێدانەکان یان کەرتەکان.

لە بەکارهێنانی ترپە خاڵدارەکان پێویستمان بە دەستەیەک ڕێبەری کێشی نوێیە، چوونکە لە کێشی سادەدا وەک پێشتر باسمان کرد ژمارەی سەرەوە ژمارەی ترپەکانە و ژمارەی خوارەوە جۆری ترپەکانە کە بەشێکن لەڕۆند. بۆ نموونە لە کێشی دوو چوار جۆری ترپەکان بەشی یاساییی لە ڕۆند. واتە دوو نوار هەن چوونکە لە ڕۆندێکدا چوار نوار هەن مادام ژمارەی خوارەوە چوارە کەواتە جۆری ترپەکان نوارن.

بەڵام لە کێشی شەش هەشت دا جۆری ترپەکان خاڵدارن چونکە لە دوو نواری خاڵدار پێکدێت بۆیە بەشی یاسایی نین لە رۆند بۆیە پێویستمان بە ڕێبەری کێشی نوێییە کە شەش هەشتە.

لێرەدا بابزانین کێشی شەش هەشت چۆن بەشی یاسایی نین لە ڕۆند.

بێگومان هەر نواڕێکی خاڵدار سێ کرۆشی تێدایە و هەر ڕۆندێکیش هەشت کرۆش، جا لێرەدا گەر نواڕی خاڵدار بەبەشی یاسایی لە ڕۆند بژمێردرێت، ئەوا چوار نواری خاڵدار دەکاتە دوازدە کرۆش کەواتە کرۆشەکان کاتی ڕۆند تێدەپەرێنن و زیاترن لە کاتی ڕۆند.

بۆیە ڕێبەری کێش لە کێشی لێکدراودا بە پێی ژمارە و کاتی کەرتە بچووکەکان دادەنرێت کە لە نوارێکی خاڵدار دا هەن. بۆ نموونە ئەگەر هاتوو شەش کرۆشمان هەبوو لە بارێکدا، کەواتە ڕێبەری کێشی بارەکە بریتییە لە شەش هەشت چونکە ژمارە هەشتەکەی خوارەوە کە جۆری ترپەکان پیشان دەدات واتە کرۆش چونکە هەشت کرۆش لە ڕۆندێک هەیە و ژمارە شەشەکەی سەرەوەش ژمارەی ترپەکان پیشان دەدات کە دەکاتە شەش کرۆش. وە ئەگەر بێتوو لە خانەیەکدا نۆ کەرتی دەبڵ کرۆش هەبن کەواتە ڕێبەری کێشی خانەکە بریتییە لە نۆ شازدە.

` لێکدراودا بۆ زانینی ژمارەی ترپەکان لە خانەیەکدا ژمارەی سەرەوە دابەشی ژمارە ٣ لە کێشی` دەکەین جۆری ترپەکانمان بۆ ڕوون دەبیتەوە کە ئایا نوارە کرۆشە بلانشە یان چ جۆرێکە. هەروەها ژمارەی خوارەوەش دابەش ٢ دەکەین. کە هەمیشە لە ئەنجامدا نۆتەی خاڵدارن. بۆ نموونە. بۆ زانینی ژمارە و ترپەکانی کێشی دوازدە لەسەر هەشت. پێویستە ئەم هاوکێشەی خوارەوە ئەنجام بدەین،

١٢÷٣ = ٤

٨÷ ٢ = ٤

کەواتە کێشی ٨/١٢ جۆری ترپەکانی چوار نواری خاڵدارن.

نموونەکی دیکە کێشی نۆ لەسەر شازدە

٩÷٣=٣

١٦÷٢= ٨

کەواتە کێشی ١٦/٩ جۆری ترپەکانی سێ کرۆشی خاڵدارن.

کێشە لێکدراوەکان ئەمانەی خوارەوەن

شەش چوار= دوو بلانشی خاڵدار

نۆ چوار= سێ بلانشی خاڵدار

دوازدە چوار= چوار بلانشی خالدار

شەش شازدە= دوو کرۆشی خاڵدار

نۆشازدە= سێ کرۆشی خاڵدار

دوازدە شازدە= چوار کرۆشی خاڵدار.

یاساکانی کۆکردنەوەی نۆتەو پشوەکان لە کێشی لێکدراودا هەمان ئەو یاسایانەن کە لە کێشی سادەدا باسمان کردن.

تێبینی کاتێک کەرتەکانی یەکەم و دووەمی هەر ترپەیەک پشوو دەبن تەنها یەک پشووی دوانییان بۆ بەکاردەهێنرێت، وەک باری یەکەم.

بەڵام کاتێک کەرتی دووەم و سێیەمی ترپەیەک پشوودەبێت، پێویستە دوو پشووی جیا دابنێین وەک باری دووەم. واتە نابێت لە جیاتی دوو پشووە کرۆشەکەی ترپەی یەکەمی باری دووەم پشووەکی نوار دابنێین.

باری سێیەم هەڵەیە چونکە پشووی دوو ترپەیی بۆ کەرتی دووەم و سییەمی ترپەی یەکەم لە خانەکەدا بەکارهێناوە.

باری چوارەم ڕاستە چونکە کەرتی دووەم و سییەمی ترپەکەی یەکەمی بە پشووی جیا داناوە و ترپەی دوومیشی بە یەک پشووی خاڵدار داناوە.




نموونەیەکی دیکە.

لەم نموونەی خوارەوە باری یەکەم راستە چونکە یەک پشووی دوو ترپەیی بۆ ترپەکانی سییەم و چوارەم بەکارهێناوە. هەروەک لە کێشی سادەشدا پشووی دوو ترپەیی بۆ ترپەی سێیەم و چوارەم ئاساییە.

بارەی دووەم ڕاستە چونکە پشوەکانی ترپەی دووەم بۆ سێیەمی جیاکردۆتەوە و بە دوو ترپەی بەجیا نوسیویەتی چونکە پشووی دوو ترپەیی لە ترپەی دووەم و بۆ سییەم لە بارەکاندا دەبێت بەم شیوەیە جیا بکرێتەوە نابیت وەک باری یەکەم بە یەک پشووی دوو ترپەیی بنوسرێت. چونکە پشووی دوو ترپەیی بۆ لە ترپەی دووەم بۆ سییەم قەدەغەیە بەکاربێت.

باری سێیەم دیارە کە هەڵەیە چونکە پشووی دوو ترپەیی بۆ ترپەی دووەم و سییەم بەکارهێناوە لە بارەکەدا پێویست بوو وەک باری دووەم پشووەکە بکاتە دوو کەرت و بەجیا بینوسیت بۆ ئەوەی ترپەی سێیەم ون نەبێت کە ترپەیەکی مام ناوەندییە.




لە کێشی لێکدراو دا تەواوکردنی خانەکان بە پشوو بە هەمان ئەو ڕێگایە دەبێت کە بۆ کێشە سادەکان بەکارهات.

ئەم نموونانە بە پشوو تەواو بکە.



جگە لە کۆمەڵەی نایاسایی سێکۆ واتە (ترپۆلێ) کۆمەڵێک کۆمەڵەی نۆتەی نایاسایی دیکەشمان هەیە کە زۆر بەکار دێن وەک ئەمانەی خوارەوە.


١- دوو کۆ (Duplet):- دوو نۆتەن لە کاتی سێ نۆتەی هەمان جۆردا داخوینرینەوە و دەژەنرێن، ئەم جۆرە تەنها لە کیشە لێکدراوەکاندا بەکاردێت. ژمارە ٢ لە ژێری دەنوسرێت. وەک ئەم نموونەی خوارەوە.




چوارکۆ (Quadruplet)::- چوار نۆتەی دەبڵ کرۆشن لە کاتی سێ نۆتەی کرۆش دەژەنرێن یان چوار نۆتەی کرۆشن لەکاتی شەش نۆتەی کڕۆش دەخوێنرێنەوە. ژمارە چوار لە سەریان دەنوسرێت ئەمەشیان تەنها لە کێشە لێکدراوەکان بەکاردێت. وەک ئەم نموونەی خوارەوە.



پێنج کۆ (QUINTUPLET Quitoler):- پێنج نۆتەی دەبڵ کرۆشن لە کێشی سادەدا لە کاتی دوو نۆتەی کڕۆش دەژەنرێن و لە کێشی لێکدراویشدا پێنج دەبڵ کرۆشی خاڵدارن لەکاتی سێ کرۆشدان ژمارە 5 لە سەریان دەنوسرێت و لە هەردوو کێشی سەدەو لێکدراو دا بەکاردێت. وەک ئەم نموونەی خوارەوە،



شەشکۆ:- شەش نۆتەن لە کاتی چوار نۆتەدا دەخوێنرێنەوە و دەژەنرێن تەنها لە کێشی سادە دا بەکاردێت.




حەوت نۆتەن لە کاتی چوار نۆتەی هەمان جۆردا دەخوێنرێنەوە. بە دانانی ژمارە 7 لەسەر نۆتەکان دیاری دەکرێن.

